*ڕاگەیاندنی ڕۆژنامەگەری 1:*

# خۆپیشاندانی ئۆسلۆ بۆ ئازادکردنی د.کەمال سەید قادر سەرکەوتووانە ئەنجام درا

ئەمڕۆ ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی 14.01.2006 کۆمەڵێک کەسی ئازادیخواز و دژ بە پێشێلکردنی ئازادی، لەبەردەم سەفارەتی ئەمریکیدا کۆبوونەوە بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتی خۆیان دژ بە حوکمی 30 ساڵ زیندانی کردنی د. کەمال لە لایەن حکومەتی پارتیەوە.

دروشمەکانی خۆپیشاندانەکە کە لەسەر لافیتە و تراکت نووسرابوون بریتی بوون لە: ئازادی بێمەرج بۆ د. کەمال، حوکمی 30 ساڵ زیندانی بۆ د. کەمال لە لایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە ناشەرعییە، پارتی دیموکراتی کوردستان ڕێز لە ئازادی ڕادەبڕین ناگرێت، زیندانی کردنی د. کەمال بۆ 30 ساڵ پێشێلکردنی ئاشکرای ئازادی ڕادەبڕینە، بژی ئازادی بیروڕا و ڕادەربڕین لە کوردستان. دواتر جەمال موحسین یاداشتی خۆپیشاندەرانی بە زمانی کوردی و ئینگلیزی خوێندەوە.

لەبەرئەوەی کە کاتی دەوام نەبوو، ڕۆژی دوو شەممە نوێنەرانی خۆپیشاندەران یاداشتەکە ئەبەن بۆ سەفارەت و وەڵامی ئەو دانیشتنەی وەک کۆمیتەکە لەگەڵ بەڕێز سەفیر داوایان کردووە وەرئەگرنەوە.

**کۆمیتەی داکۆکی لە ئازادی بیروڕادەربڕین لە نەرویج**

14.01.2006

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com